# دەنگی نەتەوەیی دەڵی دەست خۆش گەریلا





ئەو رۆڵە کوردانەی کە بەرگی خاکی دەپۆشن، هەموو ژیانی خۆیان دەکەن بەقوربانی بۆ پاراستنی نەتەوەو نیشتمان و وەردەرنانی داگیرکەران لەخاکی کوردستان، کە ئەوش جێگای شانازیەو مێژوو رۆڵی شۆڕشگێران بە رێزەوە دەپارێزێ.

گەریلاکان، کەمتەرخەمیان نەکرد لەکاتی راپەرین و کۆرەوەکەی خوارووی کوردستان، لوتی پاسدارانی ئێرانیان شکاند، وا ئەمڕۆش لەشەرێکی ولآتپارێزیدا بەتێکشکاندنی لەشکری گەلەگورکی تورک، سەری هەموو لایەکمانیان بەرز کردەوە، هەر ئەوەشە دەنگی نەتەوەیی لاخە گوڵی سەربەخۆییان بۆ دەنێرێ.

قۆناغی سیاسی ئەمڕۆی کورد پێویستی بە جولان و خۆ دەرخستنە لەهەموو روێکەوە، نیشاندانی توانای لەشکری کورد، داگیرکەران بێئومێد دەکاو گەلی کورد بەخەبەر دەهێنێ بۆ بەدیهێنانی هەڵسوکەوت و داوایەکی گەورەتر لەسالآنی پێشوو.

لەکاتێکدا داگیرکەران سورن لەسەر سیاسەتی داگیرکاری و نەناسینی کورد وەک نەتەوە، پێویستە ولآتپارێزان ببنە پێشڕەوی سەرهەڵدانێکی سەرانسەری لە کوردستانی گەورە بۆ یەکگرتنەوەی نیشتمانی دابەشکراو و بەدیهێنانی سەربەخۆیی بۆ گەل و نیشتمان.

سەردار پشدەری

لەندەن ٢٠ – ١٠ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net